# ئەو شاعیرانەی شیعری (نالی)یان تەخمیس کردووە سالم

**د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود**
**(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی پەروەردە)**

*** پێنج خشتەکی (تەخمیس)**

پێنج خشتەکی (تەخمیس) هونەرێکە لە هونەرەکانی شیعر، لە فەرهەنگەکان وا لێکدراوەتەوە، لە شیعردا: (دێرێک) دوو نیوە دێری شیعری شاعیرێک وەربگری و سێ نیوە دێری خۆی لێ زیاد بکاو ببێ بە پێنج نیوە دێر. «کردنی شتێک بە پێنج بەش، دابەش کردنی شت بۆ پێنج بەش، واتە: پێنج خشتەکی دوو شاعیر لە نووسین و بەرهەم هێنانی بەشدارن» (١).

تێهەڵکێش (تضمین) هونەرێکی ڕەوانبێژییە، سەر بە بەشی جوانکارییە، واتە: «شیعرێک هەندێک لە شیعری شاعیری تری تێهەڵکێش بکرێت، لەگەڵ ناوهێنانی شاعیری دووەم ئەگەر بە ناوبانگ نەبوو» (٢)

ئەم هونەرە شیعرییە دەکەوێتە خانەی (تەئسیر و تەئەسوور)ـەوە، بە دەلیلی ئەوەی، ئەوەی بۆ تێهەڵکێش وەردەگیرێ کەموزۆر بە هیچ جۆرێک نابێ دەسکاری وشە و گۆڕانی بکرێت، چونکە لە خاوەنەکەی خۆی بترازێ موڵک وماڵی کەس نییە، بۆیە نابێ هەر کەسەو بە کەیفی خۆی گۆڕانکاری تێدا بکات.

پێنج خشتەکی هونەرێکی زۆر بەربڵاوی شیعری کوردییە. «هونەری پێنج خشتەکی کردن - تخمیس- لە شیعری کوردیدا ئەوەندە کۆن نییە، لەپێش سەدەی نۆزدەم نموونەی تەخمیسمان دیار نییە، جا یان هەر نییە، یان هێشتا نەدۆزراوەتەوە» . (٣) بیستساڵ زیاترە لەمەڕ ئەم هونەرە گوتوومە: «شاعیرێک شیعری شاعیرێکی زۆر بەدڵ دەبێ و (موعجیب)ی دەبێ و دەیەوێ لە موڵکییەتی خۆی نزیک بکاتەوە، بۆیە لەگەڵ شیعرێکی خۆی تێکەڵی دەکا» . (٤) ئیش کردن و تێکەڵ کردنی هەردوو شیعرەکە بەم جۆرەی خوارەوە دەبێت:

دێری یەکەمی غەزەل، یان قەسیدەکەی شاعیری دووەم وەردەگیرێ و لەسەر هەمان کێش و بەهەمان سەروا سێ نیوە دێری لە پێشەوەی دادەنرێت. لەبەر ئەوەی دێرە شیعرەکە وەرگیراوە، دەبێ لە نێو دوو کەوانە دابنرێن، تا لە سێ نیوە دێرەکانی شاعیری یەکەم جیا بکرێنەوە.

سالم

______ أ (مت بوو)

______ أ (رت بوو)

______ أ (مت بوو)

نالی ئەمە دێری یەکەمە، بۆیە سەرواکەیان وەکو یەکە.

(______ أ (ـەمت بوو)

______ أ) (ـەمت بوو)

تەخمیسەکەی سالم وەکو نموونە:



**نالی**

**ئەی حارث ئەگەر دەوڵەت و جاهو حشمت بوو**
**دوڕڕ و صدف و لۆلۆو لعل و گوهرت بوو**
**خوبانی سیەه موو پەریی ڕو خدەمت بوو**
نالی
**(هەر چەندە کە عمری خضر و جامی جەمت بوو**
**چونکە ئەمەلت زۆرە چ عمرێکی کەمت بوو)**
سەرواى پێنج خشتەکى دووەم، یان کۆپلەى دووەم بەم شێوەیەى خوارەوە دەبێت:
**گاهێ بە دوعا ڕوو دەکەیە قوبەیی حاجات**
**گاهێ لە رەعیەت دەبیە مەرگی مفاجات**
**ناکەی لە دڵا قەت بە ئەبەد فیکری حکایات**
نالی
**(ئەی جامعی دونیاو و قیامەت بە خەیاڵات**
**ئەو ڕۆژە کە مردی نەئەمت بوو نە ئەووت بوو)**
سالم
ــــــــ ب (ات)
ــــــــ ب (ات)
ــــــــ ب (ات)
نالی
(ــــــــ ب (ات)
ــــــــ أ) (ت بوو)
– بەپاش و پێش کــردنی (نەئەمت بوو نە ئەووت بوو)، واته:
(نە ئەووت بوو نەئەمت بوو) ڕاستترەو سەرواکەشی وەکو خۆی بە تەواوی دەردەچێ.
وشەی (ئەووت) کە بە دوو (واو) لە هەندێ نوسخە و دیوانەکان هاتووە کێشی نیوە دێرەکەیان تێکداوە:
کێشی هەزەجی(٨)هەنگاوی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووفە
مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
– لە دیوانی کوردی چاپی (٢٠١٠) و (ل٤٣١) ئەم نیوە دێرە بەم چەشنە هاتووە:
**گاهێ لە ڕەعییەت دەبیە مەرگی مجافات**
بەڕای من وشەی (مجافات) زۆر شیاوترە لە وشەی (مفاجات)(*).

هی سێیەم وا دەبێت:
**همین گەر آخر دەی ظالم دڵی بەو ذات**
**وەی زاهیدی باطن بەدوو ظاهر بە عبادات**
**بێ تربیەت و مرشد و بێ طەیی مقامات**
نالی
**(دوێنێ کە چ بوو داتە زەبان لافی کرامات**
**ئەمڕۆ کە ندامەت بوو نەدامەت بوو نەدامەت بوو)**
سالم
ــــــــ پ (ات)
ــــــــ پ (ات)
ــــــــ پ (ات)
نالی
(ــــــــ پ (ات)
ــــــــ أ) (مەت بوو)

* سالم دەڵێ(٥):
**ئەی حارث ئەگەر دەوڵەت و جاهو حشمت بوو**
**دوڕڕ و صدف و لۆلۆ و لعل و گوهرت بوو**
**خوبانی سیەه موو پەریی ڕو خدەمت بوو**
**(هەر چەندە کە عمری خضر و جامی جەمت بوو**
**چونکە ئەمەلت زۆرە چ عمرێکی کەمت بوو)**

**گاهێ بە دوعا ڕوو دەکەیە قوبەیی حاجات**
**گاهێ لە رەعیەت دەبیە مەرگی مفاجات**



سالم

**ناكەی لە دڵا قەت بە ئەبەد فیكری حكایات**
**(ئەی جامعی دونیاو و قیامەت بە خەیاڵات**
**ئەو ڕۆژە كە مردی نەئەمت بوو نە ئەووت بوو)**

**همین گەر آخر دەی ظالم دڵی بەو ذات**
**وەی زاهیدی باطن بەدوو ظاهر بە عبادات**
**بێ تربیەت و مرشد و بێ طەیی مقامات**
**(دوێنێ كە چ بوو داتە زەبان لافی كرامات**
**ئەمڕۆ كە ندامەت بوو نەدامەت بوو)**

**ئـەوەل فرحی دا فـەلـەک ئـاخر غـەمی هێنا**
**كەم بو لـە دەهەن خەندەیی دڵ ماتەمی هێنا**
**بـاقڵ دەمی مەرگە كە هـەنـاسەت كەمی هێنا**
**(عمرت نـەفـەسێكی كـە هەموو عـالەمی دێنا**
**بمرە لە غەمیدا كە هەموو صرفی غەمت بوو)**
١١١

دكـتـۆر مـارف خـەزنەدار زۆر بە كـورتی مـەبەسـتـە سـەرەكـییـەكـەی نالی لەم شیـعـرەیدا نیـشـانداوە، «لەو شیعرەدا نالی بیروڕا فەلسەفییە قووڵەكانی بڵاوكردۆتەوە لەبابەت ژیانی ئەو ئـادەمـزادەی بۆ خـۆی دەژی. هیـچ بایەخێک بە بەرهەم هێنان و كاری باش و بەشداربوون لە گۆڕینی كۆمەڵ نادا». (٦)

بە ڕاسـتـی دكـتـۆر باشی بۆ چووە كـە دەڵێ: «ئەوەی دیارە ئەوەیە كـە سـالم هەوڵ دەدا هەندێ لە ڕەمـزەكـانی نـالی ڕوون بكاتـەوە. درێژە بە كـورتی مـاناكـان دەدا، وێنەكـان لە تەركـیـزەوە دەباتە فـراوانی و درێژە پێ دان». (٧) لە دیوانە تازەكـەی سـالم هاتووە: (حـارث) واتە: كشت و كاڵكەر و...، من وای بۆ دەچم حاریس بە واتای جووتیار هاتبێ، ئەو جووتیارە نا كە زەوی دەكێڵێ و ماندووی ئارەقە ڕێژە! بەڵكو ئەو جووتیارەی لە ماندوو بوونی و هیـلاكـیـدا یەكـەم و بێ وێنەیەو بەروبووم و بەرهەمـەكەی خەڵكی تر دەیخۆن، كابرا تەماعكارێكی زۆر پیسە، ماڵ و سامانەكەی، ئەوەی هەیتی و ئەوەی خڕ دەكـاتەوە، بۆ ئەو خـەڵكەیە كـە لە دوای ئەودا (بە پای پیـلان) دەو تێدەنێن و دەیخۆن. ئەگـەر لەو حاریسـەی سالم وردببینەوە، بە تەعبیری ئەمڕۆ ملیارددێرە.

لە گرنگی هونەری پێنج خشتـەكی و ئەو خۆ بەرانبـەر كردنەی شاعیری دووەم لێزانی و لێهاتوویی، داهێنان و ئەفراندنی تایبـەتی خۆی گـەرەكە. «سالم شـاعـیـرێكی ئەوەندە گـەورە بوو، نالی دانی پێداهێنابوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەگـەیشـتـۆتە پلەی نالی، بەتایبـەتی لەم پێنج خشـتـەكـیـیـەیدا لەگـەڵ ئەوەی داهێنانێكی بەرزیشی تێدایە». (٨)

ئەم ڕایە ئەوەی لێ دەفامرێتەوە كە شاعیرمان هەیە، شـیـعـری (نالی)یان تەخـمـیس كـردووە، هەر بۆ ئەوەی بڵێین: فلانە شاعیریش شیعری نالی تەخمیس كردووە. ئەگەر بۆ یەكێكی وەكو سالم ئاوا بێت، دەبێ ئەوانی تر لە كوێندەرێی ئەم هونەرە دابن.

ئەوەی لە چاپە تازەكەی دیوانی سالم (٢٠١٥) تێبینی دەكرێ، لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا چڕ كراونەتەوە:

* كۆپلەی یەكەم:

- (نالی)ش وشەی (حاریس)ی بەكار هێناوە:

**ئەژدەهای زولفت لە دەوری گەنجی حوسنت حاریسە**
**حەلقە حەلقە چین بە چین سەر تا بە خواری گرتووە**
١٠٢

- لەو دێرەی نالی كە وەرگیراوە، لە بری وشەی (هەر چەندە)- هەر چەند - و (جـام) - عـەیش - تۆمـار كراون، ئەوەی یەكـەمیـان كێشـەكـەشی لەنگ كردووە، وشەی (عەیش)یش وەكو وشەیەكی شیعری هیچ سەنگ و جـوانیـیـەكی تایبـەتی بەو تابلۆ ڕەنگاوڕەنگ و

دانسقەیەی نەبەخشیوە، بە دەلیلی ئەوەی خدر = عومری درێژ و جاویدانی. جەم = بە جام کە ئەمەش نیشاندانی ئەوپەڕی هێز و دەسەڵاتی ئەفسانەیی و ئەفسووناوییە.

بۆ شیعری کلاسیکیمان وای بەباش دەزانم، هەڵەی زەقی وشە و دەستەواژەکان بەهەند وەرنەگیرێن و لە شوێنی وشە و دەستەواژە ڕاست و دروستەکان دانەنرێن، لە هەر دوو دیوانە موعتەبەرەکانی نالی(*)و ئەوانی دی، ئەوە بڕاوەتەوە کە (جامی جەم)ـەو زۆر ڕاست و دروست هاتووە! داهێنانێکی گەورەشی لەخۆ گرتووە، پاش دەیان ساڵ وشەی عەیش لە شوێنی دابنرێت!

ئەم جێگۆڕکێ پێکردنەی وشەکان، ڕەنگدانەوەی کارە نازانستییەکانی خۆمانە، هەندێ ڕاستی زانستی نەگۆڕ هەن پێویستییان بە پەراوێزیش نییە.

**پەراوێز و سەرچاوەکان**

**(*) دەقی شیعرەکان بەبێ دەسکاری وەکو خۆیان تۆمار کراون. ڕەچاوی لایەنەکانی هونەری وەکو پێنج خشتەکی کراوە.**

**(١) مارف خەزنەدار (دکتۆر)، لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردی یەوە، چاپخانەی (المؤسسة العراقیة للدعایة والطباعة)، بەغدا، ١٩٨٤، ل١٩٦.**

**(٢) الخطیب القزوینی، الایضاح، الجزء الثانی، مکتبة المثنی، بغداد، بلا، ص٤١٩.**

**(٣) عەزیز گەردی (د)، سەروا، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بلاو کردنەوە، هەولێر، ١٩٩٩، ٢١٨.**

**(٤) عەبدوڵلا خدر مەولود، هەرێمی کوردستان (ڕۆژنامە)، ژمارە (١٣٧)، ١٩٩٧/١٢/٤.**

**(*) مامۆستا محەمەد مستەفا (حەمەبۆر) زۆر تەئکید و پێداگری لەسەر ئەوە دەکا، کە ئەم تەخمیسە هی مستەفا بەگی ساحێبقڕانە، واتە (کوردی)ـیە. لە دیوانی سالم چاپی (٢٠١٥) ئەوەیان بە نەوعێک بڕاندۆتەوە و هیچ مەجالیان تێدا نەهێشتۆتەوە کە ئەم تەخمیسە هی سالمە!**

**(٥) سالم (دیوان)، چاپی دووەم، چاپخانەی کوردستان، هەلێر، ١٩٧٢.**

**(٦) مارف خەزنەدار (دکتۆر)، لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، ل١٩٠.**

**(٧) سەرچاوەی پێشوو، ل١٩١.**

**(٨) سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٢.**

**(*) نالی (دیوان)، چاپی: د. مارف خەزنەدار، مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس.**